سودان پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیمارات ڕادەگەیەنێت



ئەنجومەنی بەرگری و ئاسایشی سودان پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیمارات ڕاگەیاند و هەکارەکەی بە پاپشتیی ئەبوزەبی لە هێزەکانی پشتیوانی خێرا گەلاندوە و بانگهێشتی کارمەندانی باڵیۆزخانەی سودانی لە ئەبوزەبی کرد.

ئەنجومەنی بەرگری و ئاسایشی سودان، ئەمە سەشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردوە، "زیاتر لە دو ساڵە هەمو جیهان بەدواداچون بۆ تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر سەروەری سودان، یەکپارچەیی خاکی سودان و ئاسایشی هاوڵاتیانی دەکەن کە لە لایەن ئیماراتی عەرەبی و لە ڕێگەی بە وەکالەتی ناوخۆیی و میلیشیای تیرۆریستی و یاخیبوی هێزەکانی پشتیوانی خێرا و پشتیوانە سیاسییەکیەوە ئەنجامی دەدات". ئاماژەی بەوەشکرد، "کاتێک ئیمارات دنیا بو لە شکستی بریکارەکانی، کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانمانەوە شکستیان پێ هێنرا، پشتیوانییەکانی زیاتر کرد و زیاتر لە تواناکانی خۆی تێرخانکرد بۆ دابینکردنی چەکی ستراتیژی پێشکەوتو بۆ یاخیبون".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، "یاخیبوان بەردەوام بون لە کردنە ئامانجی دامەزراوە گرنگەکان و

دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لە وڵاتەکەدا، لەم دواییانەشدا کێگاکانی نەوت و گاز، بەندەر و فڕۆکەخانەی پۆرت سودان، وەستگەکانی کارەبا و هێڵەکانی کردوەتە ئامانج، کە ژیان و مایی ملیۆنان هاوڵاتی مەدەنی دەخاتە مەترسییەوە، ئەوەش بابەتێکە کە هەرگیز لە ئاسایشی ناوچەکە و نەودوەتی دەکات، بەتایبەتی ئاسایشی دەریای سور".

ئەنجومەنی بەرگری و ئاسایشی سودان دوپاتی کردەوە کە "لە ئەنجامی ئەم دەستدرێژییە بەردەوامە، ئەنجومەنی ئاسایش و بەرگری بەیاری داوە بە ناساندنی ئیمارات وەک دەوەتێکی شەانگەز، بەینی پێوەندیە دیپلەماسیەکان لەگەیدا و کشانەوەی باڵیۆزخانە و کونسوخانەی گشتی سودان لە ئیمارات.

ئەوەشی خستەو، هاوتەریب لەگەڵ مادەی 51ـی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە مافی بەرگریکردن بە دەوەتان دەدات، "سودان مافی خۆیەتی بە هەموشێوەیەک وەڵامی دەستدرێژی بداتەوە بە پاراستنی سەروەری وڵات و یەکپارچەیی خاکەکەی، هەروەها بە دەستبەرکردنی پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی و بەردەوامیی گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان".